لە چواری حوزەیران ڕاوەستەی فەریزەی حەج دەست پێ دەکات

ئەمڕۆ سەشەممە دادگای باڵای سعودیە ڕایگەیاند، مەراسیمی فەریزەی حەج لە 4ی حوزەیران دەست پێ دەکات.

ئاژانسی ڕاگەیاندنی سعودیە ڕاگەیەندراوەکی دادگای باڵای سعوودی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "سبەی چوارشەممە یەکەم ڕۆژی(ذی الحجة)، ڕۆژی عەرەفە لە ڕۆژی پێنجشەممە 5ی حوزەیران دەبێت، جۆژنی قوربانیش ڕۆژی هەینیی دواتر دەبێت".

تەفیق ئەلرەبیعە، وەزیری حەجی سعوودیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، " ملیۆنێک و 700 هەزار حاجی لە سەرانسەری جیهانەوە" گەیشتوونەتە سعوودیە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج لەمساڵدا.

بە پێی ئامارە فەرمییەکان، ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ملیۆنێک و 800 هەزار موسڵمان بەشدارییان لە حەجدا کردووە.